# ناســکی ناخم


دەریا ڕەواندزی

1

ئەی چارەنوس،
لێم گەڕێ
پشوێك بدەم
با شەپۆلەكانی ناخم
بۆ خۆشبەختی و
ئازادی مرۆڤایەتی بێ
با هەناسەم
لەسەر كەشتی دادپەروەری بێ
نامەوێ تیژ ڕەوبم
لەو كاتانەی ناسكی ناخم
دەنگی باڵندەیەك دەبیستێ
حەز دەكەم
بەهەموو جیهان پەرت ببم
بۆ ئاسودەیی و ئازادی
مرۆڤەكان.

2

لەناخمدا...
مەشخەڵێکی ئاسمانی هەیە
دڵۆپەکانی خوێنم
دەسوتێنێ و
تەواوی ترپەکانی دڵم
نوێژێکە
لەپێناوی ئازادی مرۆڤایەتی.

3

هەموو رۆژێك
لەبەر دەرگا دەوەستم
حەز دەکەم
گوڵی سەربەستی
لەسینەی
مرۆڤی ئازادیخواز بدەم
عەتری دنیا کۆکەمەوە
جیهان بەخۆشەویستی و ئازادی
مەست کەم
دەنگی مرۆڤی ئازاد
لەهەموو ماڵێك بەرز ببێتەوەو
ئاسمان پڕ بێ
لەئازادی و خۆشەویستی
ئەو کات...
دەستی تۆ دەگرم و
وەك باڵندە

بەرز دەفڕین و
دەگەین بەخۆری ئازادی.

4

بێدەنگ نابم
لەئاست زولم و ستەم
وا دەبێنم
ئەو دایکانەی،
دەستیان خستۆتە سەر دڵیان
چاوەڕوانن جەنگ تەواو بێ و
کوڕە تاقانەکان بگەڕێنەوە
هاوار دەکەم
من شەپۆلی دەریای گەلم
یاخی دەبم
کەشتی زولم و ستەمکاران
سەرو ژوور دەکەم
تاقانەکان دەهێنمەوەو
خۆشەویستەکان شاد دەکەمەوە
ئازادی بۆ مرۆڤەکان دەسێنمەوە
ئا منم دەریا گەل و نیشتمان
سنورەکان تێکدەشکێنم
ئاگری شەڕ کپ دەکەم و
خۆشبەختی دەبەخشمەوە
بەتەواوی ماڵەکان.

5

نارۆمەوەو
چرکەکانی جەنگ دەژمێرم
زوڵم و ستەمەکانتان دەپێچمەوە
گریانی مناڵەکان
لەزیندانی چاوەڕوانی
دەردێنم و
بەسەر پشتی "با" وە دێم
ئازادیتان بۆ دێنم
لەگەڵ باران ئاوێتە دەبم
زولم و ستەم
بەشەپۆلی فرمێسکەکان
دەروخێنم
یاخی دەبم
دەمامکی زالمەکان
هەڵدەدەمەوە
ناوی نیشتمان دەگۆڕم
بەناوی دایکی میهرەبان.

6

هەموو کات
تکا لەخودام دەکەم
لەنێو پێخەڤەکەم نەمرم
زۆر حەز دەکەم
لەمەیدانی جەنگدا
خوێنم لێ بچۆرێ
بۆ ئازادی و خۆشەویستی

با تەمەنم کۆتایی بێ
شکۆمەند بم
بەئارامی و ئاسودەیی
لەرێگای عیشق و ئازادی.

7

ئەی چارەنووس
تۆ پێم بڵێ
مردنێکی وا شکۆمەند
چاوەڕوانیم دەکات
یاخود
بەشێوەیەك دەمرم
پێخەڤەکەم
لێم بێزار بێ؟!

8

بێدەنگ نابم
هەر دێمە دەنگ
دژی جەنگ و زولم و ستەم
گەر ئێوارەیەك
وەك مەسیح
بەرەو
لەخاچدانم بەرن
پەشیمان نابم
با لەخاچم دەن
شکۆمەندم
سەربەرزم

گەر لەرێگای ئازادی و
مرۆڤایەتی بمرم!

کەنەدا/ئەلبێرتا دەریا رەواندزی